# گەڕانەوە لە سەفەری مەرگ

## بیرەوەرییەکانی گەنجێك لەگەڵ مەرگ، لەنێو دەریای ڕەشدا

**"لە (39) کەس تەنها (5) کەسمان ڕزگارمان بوو، وابزانم مانەوەمان بۆ ئەوە بوو کە ببینە سەفیری حیکایەتی مردنی هاوڕێکانمان"**



**ڕاپۆرتی نەوزاد مەحمود عەبدولکەریم‌و سالار مەحمود**



●"یەختەکەمان لەبەردەم ئەو شەپۆلە توندەی دەریادا لەدەستوپێ کەوت وگڕیگرت. هاوارو دەنگە دەنگ بەرز بووەوەو تکامان لە شۆفێرە دەریاوانەکەکرد ئەگەر چارەسەرێك شك دەبات پێمان بڵێت تالەدەست مردن ڕزگارمان بکات، بەڵام ئەویش لەئێمە ڕەنگ پەڕیوترو دەستەوسانتر بوو و هەمووگیانی دەلەرزی .. خودایە هاوار .. ئیتر لەوێوە مردن وەك لاولاوێکی بێبەزەیی ئاڵایە گیانی یەکبەیەکەمانەوەو لەو ژمارە زۆرە، تەنها چەند کەسێکمان دەرباز بوین "

ئەو نەدەبوو جارێکی دیکە سلێمانی ببینێتەوە. بینینەوەی سلێمانی بۆ ئەو لەوساتانەدا کە لە دەستوپێکەوتنی یەختەکەیان لەنێو دەریای ڕەشدا هیچی بۆ نەهێشتبوونەتەوە تەنها ئەوەنەبێ کەبیریان بخاتەوە (شەهادەت) بهێنن، فرمێسکێکی قەتیسماوی ئەوچاوانە زیاتر نەبوو، کەبڕیاربوو.. ئەو ڕۆژانەی کەلە شەڕدا براکان پەنایان بۆ بەکارهێنانی هەموو شتەکان برد، ئیتر ژیان لەوێ، لەهەموو کون و قوژبنەکانی ئەم وولاتەدا تەواوی چیرۆکەکانی خستە سەر ڕێگەی نائومێدی‌و سەفەر کردن تاکەڕێگا بوو بۆ هەڵهاتن لەدەست مۆتەکەی ژماردنی ئەو ڕۆژە بێمانایانەی کەلە دەنگوباسە ڕەزا قورسەکانی شەڕ زیاتر، هیچی تریان پێنەبوو ..

دەبوو (شەوکەت)یش چیتر بەدیار هەڵوەرینی دواتاڵی قژی ئومێدییەوە دانەنیشێ و ئەو هەموو شەوە دووردرێژانە لەناو قوڵلەی حەرەسیاتەکانی حیزبدا، بەرۆژهەڵاتن نەسپێرێ. چونکە شار، لەو رۆژانەدا تەواوی کون و کەلەبەرەکانی سیخناخ بووبوون لەجانتا هەڵگرە گەنجەکان، پڕبوو لە باپیاکردن لەو وولاتەی کە هەموو سەرەداوەکانی بەدەست دوو هێزی خاوەن حکومەتەوە بوو...

وایلیهاتبوو، گەر رێی بکەوتایەتە هەر جێگەیەك، کەسێك قسەی لەبارەی رۆشتنی تاقمێکی ترەوە دەکردو تەنانەت ئەو رۆژەی کەلەدوکانێکی لاکۆلانیشدا ویستی پیاڵەیەك گوڵەبەرۆژە بۆ پیاسەیەکی سەرشۆستەی ئەو ئێوارەیە بکڕێت، کەسەفەر هاوڕێیەکی خۆیی تێدا نەهێشتبووەوە، کابرای سەر ماش وبرنجی دوکاندار بەدەستە لەرزەو بەدەم کێشانی کیلۆیەك تەماتەوە، هاوسێکەی لەفلیمی ئەو شەوی ماڵەکەی خۆی تێدەگەیاند کە چۆن کوڕە تاقانەکەی لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆیدا ئەو ماڵەی سپاردووە بەرەشبەڵەکی گریان و دڵتەنگی .. چار نەبوو، دەبوو بڕوات بەرلەوەی نیشتمان بەیەکجاری ببێتە خەڵوەتگەی پیری و ئەویش بۆخۆی سەری مانگ تاسەری مانگ، تەسبیحات بەژماردنی پەنجەکانی بکات .

**سەفەر**

شەوکەت لەیەکێك لە ئێوارە ساردەکانی ساڵی 2000 دا بەهەندێك وردیلە شتی لەبابەتی گوێزان و سابوون و خواردنی نێو قوتوو چەند شتێکی ترەوە دەگەڕێتەوەو دەکەوێتە پێچانەوەیان لەنێو جانتایەکدا.. بینینی جانتاکەی بەردەستی، بەسە بۆئەوەی کەخێزانەکەی دیواری تەحەمولیان هاڕەبکات و خۆیان بۆ دیار نەمانی ئازیزێکیان ئامادە بکەن"ئەو لەگەڵ برادەرەکانی دەرگای ماڵەوەی بۆسەفەر خستە سەر پشت و گەرەکی ئازادی سلێمانی، بەرەو تەلبەندی درکاوی مەرگی دەریایەکی ڕەش، کەوەك شەوەکانی غەریبی تاریك و ڕەش بوون بەجێهێشت" ئیتر لەسنوورەکانەوە دەگەنە ئێران و پاش چەند رۆژێك ڕێگابڕینی نێوگوندەکانی سنوور، قاچاخچییەکە پێیان ڕادەگەیەنێ کەگەشتوونەتە ولاتی تورکیا. لەیەکێك لەگوندەکانی تورکیا بۆ حەوانەوە لادەدەن و ئەوکات تێدەگات، کە ولات بۆ واچۆڵ دادێت، چونکە ئەو ئاواییەی وولاتی تورکیا، تەواوی کارو کاسبییان بووەتە جێگەکردنەوەو نانپێدانی نەفەرەکانی ڕێگەی ئەورووپا، لەبەرامبەر بڕێك پارەی دیاریکراو بۆ هەر شەوێك مانەوە لەو ماڵەدا ..

پاشان لە تورکیا لەرێگەی قاچاخچییەکی ترەوە بەرێدەکەون بۆ یۆنان. لە یۆنان، شەوکەت ناتوانێت وەك زۆربەی هاوڕێکانی بەردەوام بێت لەسەر سەفەرەکردن و بەهۆی بێپارەییەوە، کەپێویستە مەبلەغێکی تر بۆ قاچاخچی نوێ ئامادە بکات، ناچاردەبێت بۆ کارکردن بمێنێتەوەو ماوەیەکی زۆر لەوێ خۆی بەکارکردنەوە سەرقاڵ دەکات، تائەوکاتەی بڕە پارەیەك پەیدا دەکات تابیداتە قاچاخچییەکەی ڕێگەی یۆنان ـــ ئیتالیا تابیگەیەنێتە ئەو وولاتە.

**چاوەڕوانی یەخت**

"قاچاخچییەکە پێیوتین پێویستە لێرەدا چاوەڕوانی بکەن تا تاریك دادێت. ئێمەش لەناو قامیش و قەرەمەکانی رۆخی دەریادا چاوەڕوانیمان کرد، تا ئەو کاتەی بینیمان یەختێك بەدوو سەرنشینەوە بەرەو لای ئێمە دێت. یەکسەر قاچاخچییەکە وتی سەرکەون.

ئێمە ئەبوو لەوێدا بمانزانییایە مەرگ شتێکی حەتمییە، چونکە ئەو یەختە تەنها پازدە کەسی دەگرت، کەچی بەزۆر سیو هەشت کەسیان تێاخنی و کاتژمێر حەوتونیوی ئێوارە بەڕێکەوت بەرەو ناو جەرگەی دەریا "

پێنج کاتژمێر یەختەکە بەناو دەریادا دەڕوات. بەڵام رۆشتنێك وەك ئەوەی بۆ نێو باوەشی مەرگ بڕوات. قورساییەکەی دووهێندەی توانای خۆی دەبێت و ئەو شەوەش بایەك خێراتر لەتەماعی قاچاخچییەکان هەڵدەکات و سات لەدوای سات هێزی زیاتر بەخۆی دەدات. شۆفێری یەختەکە هەستدەکات کە درێژەکێشانی ئەو بایە کارەساتی بەدواوەیە، هەربۆیە لەڕوخساریدا حەسرەت و پەشیمانییەکی قوڵ سەرەتاکانی دەردەکەون و ناشوێرێت هەژدیهای ئەو ترسەی ناودڵی لای ئەوان ئاشکرا بکات .

" ئێمە تەماشای پێشەوەمان دەکرد، لەوکاتەدا تەپۆڵکەیەکمان بینی، کە وامانەزانی دەگەینە وشکانی، بەڵام لەدەمی شۆفێرەکە ترازاو ووتی، ئەوەتا، خۆیەتی تەواو .. ئێمە وتمان چییە، کەجوان لێمان ڕوانی، شەپۆلەتوندەکانی دەریا بوو کەبەرزدەبویەوەو بەرەو ئێمە دەهات.. ئەگەر چی ئێمە رۆشتنی یەختەکەمان کۆتایی پێهێنا بەو ئومێدەی نەگەینە شەپۆلەکان، بەڵام شەپۆلەکە بەخێراییەکی زۆر بەرەو ڕوومان دەهات و یەکەم شەپۆل کەلێیدایین، یەختەکەمان گڕی گرت . بەپەلە هەریەکەو بەحەبل خۆمان شۆڕکردەوە بۆناو ئاوەکەو نەهاتینە دەرەوە، تائەو کاتەی ئاگری یەختەکە خامۆش بووەوە . ئەوجا هاتینە سەرەوە"

شەوکەت لە ولاتێکدا نەژیاوە کەدیمەنەکانی مردن تێیدا قاتی بووبێت. بەڵام هەرگیز وەك ئەو شەوە مردنی ئازاراوی و بەکۆمەڵی نەدیوەو بێکەسی و بێهاودەمی ئەو مردنانەی نەبینیوە، کەدەریای ڕەش سیناریۆی بۆ نوسیبوو. ئەو لەگەڵ تەواوی هاوڕێکانی لەگەڵ نەعرەتەی جەنگی یەکەم شەپۆل شەهادەتیان هێنا.

"چارمان نەبوو جگەلەوەی کەهەرچۆنێك بووە بەرگری لەژیانی خۆمان بکەین لەبەردەم تۆفان وشەپۆلدا، تا ئەوکاتەی کەسێك، کەشتییەوانێك، فریشتەیەکی خوا لەناو ئەو دەریایەدا دەمانبینێت و ڕزگارماندەکات.. بەڵام کێ دێتە ئەوێ تامانبینێت؟



هەرگیز لەناو دەریا گەورەکاندا، ئەو جۆرە فریشتانە پەیدا نابن، مەگەر موعجیزەیەك بێت و خودا بیەوێت بینوێنێت.. کەس لەکەس تێنەدەگەیشت.. هەرکەسەو بۆ ئازیزێکی دەگریا.. هەر برادەرەو هاواری لەکەسێکی خۆی دەکرد .. ئازاترین کەسمان ، بێدەسەلاَت ترین کەسمان بوو . لەوشەوەدا ، پڕ بەم گەردونە بانگی بەخشندەیی خودامان کرد . خودایە تەنیا جارێکی تر فرسەتی بینینەوەی ئازیزانمان پێ ببەخشیەوە.. خودایە گۆڕغەریبمان نەکەیت.. شەپۆلەکان شێتانەتر دەیاندا بەیەکدا.. بەشێوەیەك حاڵیان لێهاتبوو، وەك ئەوەی ئەوانیش دواشەوی تورەبونیان بێت"

**ئێمە دەمرین**

"لەو گرووپە بیست ونۆ کەسمان کورد بووین. بەلاَم لەو شەوەدا هەموومان هاونیشتیمانی مەرگ بووین. بەدەر لەتۆفان و هەڕەشەکانی شەپۆل، هەرچی خواردن و شتومەکەکانی ناویەختەکەشمان بوو، ئاو لەگەڵ خۆی بردنیو لەیەکەم چرکەساتی هەڵکردنی بای مەرگەوە، بای برسێتیش هەڵیکرد. سات لەدوای سات پەلەقاژەی خۆڕزگارکردن لەگیانماندا لاوازتر دادەهات. یەکەم برادەرمان کەبەخنکاوی خۆی دایە دەستی مردن، (سامان)بوو. ئەو خەڵکی سلێمانی بوو و گەنجێك بوو کەتازە ژیانی گەنجێتی دەستی پێدەکرد. سامان بەرلەوەی دواهەناسە بدات، بەردەوام هاواریدەکرد و بەنیگا کزەکانی حیکایەتێکی غەریبانەو ئەمانەتێکی بەئێمەدەدا. بەلاَم دەشیزانی کەخۆی دوا مردوو نییەو دەریا دەبێتە تابووتی هەمووومان.(برسیمە.. تینومە .. ) ئەو وشانەش پچڕ پچڕ لەدەمی سامان دەهاتنە دەرەوە ..دواجار دایکی سامان هیچی لەبارەی کوڕەکەیەوە دەست نەکەوت، تەنها ئەوەنەبێت کەهەمیشە دەپیرسی(سامان گیان چۆن خنکا؟؟)

ئیتر ماڵئاوایی ، گەلاَ گەلاَ لەدرەختی ژیانی سەرنشینانی یەختەکە دەبویەوە"تائەوکاتەی کە ڕۆژهەلاَت، ژمارەی زیندووەکانمان تەنها (16)کەس بوون و هەموویان مردبوون. جەنازەکانیان لەو ناوەداو لەناو یەختەکەدا کەوتبوون، لەناکاو شەپۆلێکی توندی تر هاتو یەکێك لەتەرمەکانی برد، کە کوڕێکی هەولێری بوو. هاوڕێیەکی ئەو کوڕە لەوێدا شێت بوو. چەقۆیەکی دەرهێنابوو و بەردەوام ئەیوت ئێستا خۆم ئەکوژم.. یەکێکیتر لەوانەی کەشێت ببوو، تاوناتاوێك پەنجەی ڕادەکێشاو دەیوت ئەوەدایکمە .. ئەوەپورمە .. دایکی ئەو شەپۆلێکی تر بوو کەبەرەو ڕوومان دەهات.. شەپۆل یەکێکی تری بەزیندوویی بردو هەرچی هاواری کرد توخوا فریامکەون.. توخوا بانەمرم .. بەلاَم ئێمە هیچ دەسەلاَتێکمان نەبوو.. برسێتی لەلایەکی ترەوە هەموومانی بێهۆش کردبوو. یەکێك ئیسفنجی دەخوارد.. من بۆخۆم چەند جارێك بڕیارمدا کە پارچە گۆشتی برادەرە مردووەکانم بخۆم، بەلاَم پەشیمان دەبومەوە. بەلاَم لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر ( مام قاسم )بوو. ئەوپیاوەی کەخەڵکی کۆیە بوو.. مام قاسم تاکاتژمێرێك بەرلەمردنیشی بەنیوە خنکاوی دڵخۆشی ئێمەی دەدایەوەو دڵنیایدەکردین لەوەی نەترسین و کۆتایی بەو تراژیدیایە دێت .. هەرگیز مەردی وەك مام قاسمان نەدیوە .

ژمارەی ئەوانەمان کەلەژیاندا مابوون گەشتینە یازدە کەس و سێ ڕۆژ بەسەر ئەو کارەساتەی ئێمەدا تێپەڕبوو ، بێئەوەی کەس بمانبینێت. ئیتر لەوە بەدواوە هەمومان ئاگامان لەخۆمان نەما. دیمەنەکان هێند کاریگەروکوشندەبوون کەهیچ حیکایەتخوانێك پێیناوێرێت و هەرگیز لەوباوەڕەدا نیم کەیادەوەریم خاڵی ببێتەوە لەهەڕەشە سامناکەکانی تۆفان... درێژەکێشانی ئەو دۆخە بەشێوەیەك دیمەنەکەی لا ئاسایی کردبووینەوە، وەك ئەوەی ئێمە لەو بەربەرییانە بین، ژیان و مانەوەمان پەیوەست بێت بەڕامان لەدیمەنی تەرم. چونکە بەبەردەوام تەرمی مردوو تاکە وێنە بوو کەدەمانبینی.. دەزانم کەئێوە ئەم چیرۆکە لەزمانی منەوە دەگوێزنەوە بۆ نێو پەڕەکانی ڕۆژنامەیەك، بەلاَم دڵنیاشم کەناتوانن وەك خۆی وێنای بکەنەوە.. دواجارهەردوو شۆفێری یەختەکە کەیەکیان یۆنانی و ئەوی دیکەیان سووری بوو مردن. ئیتر منیش کۆڵەپشتی یەکێك لەشۆفێرەکانم

کردە پشتم"

**موعجیزەیەک لەخوداوە**

" پێنج شەوو ڕۆژ بوو ئێمە چاوە سپی داهاتووەکانمان بۆ دەرکەوتنی فریشتەو فریادڕەسێك دەگێڕا. خودا مانەوەی پێنج کەس لەو 39کەسەی قبوڵ کردو لەناکاو پاپۆڕێکی ڕووسی پەیدا بوو، کە بەڕێکەوت بەوێدا تێدەپەڕی. ئێمە بەبینینی ئەوان هەستمان بەشادومانی نەکرد، چونکە بەشی شادمانبوونێکیش ئاگامان لەخۆمان نەمابوو. دواجار تێگەیشتین لەوەی کەبەهۆی نالەباریی کەشوهەواوە ، ئەو ڕۆژانە هیچ دەریاوانێك نەیویستووە ، سەر لەدەریای ڕەش بدات .

کاتێك ڕوسییەکان هاتنە ناو یەختەکەمانەوەو دیمەنەکەیان بینی، خەریك بوو عەقڵیان رابووەستێت. داوایان لێدەکردین لەو بارەوە بۆیان بدوێین، بەلاَم زمانێکی لەکارکەوتوو چی بگێڕێتەوە ؟ ناچار نەخشەیەکیان هێناو منیش پەنجەم خستە سەر نەخشەکەو ولاَتی عێراقم نیشاندان و حاڵی بوون لەوەی کەخەڵکی ئەو مەملەکەتی مەرگەین . بەزەورەقێك ڕەوانەی شاری (لەیچە)ی ئیتالیا کراین و لەوێش بەخێرایی براینە گەورەترین نەخۆشخانەی ئەو ولاَتە. لەوێ من و ئازاد هەڵەبجەیی و جومعە هەولێری و ئاسۆ هەولێری و حەسەن کە خەڵکی سلێمانی بوو، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە یەکمان بینییەوە. ئەو پێنج کەسەی کەبووینە سەفیری حیکایەتی مردنی هاوڕێ مردووەکانمان و بۆ هەمیشە یادەوەریمان پڕبوو لە مینی گێڕانەوە .

دوای مانگێك مانەوە لەنەخۆشخانەو چاکبوونەوەمان، براینە شری (پیرۆجیا)لەئیتالیاو لەوێ بە هەرپێنجمان سێ خانوویان پێدابن. بەلاَم ئەوە خۆشحاڵی بەرهەمنەهێنا، چونکە بەهۆی ئەوەی کە کاتی ڕزگاربوون کۆڵەپشتی شۆفێرەکان لەپشتمدابوو، وایان دەزانی کەمن قاچاخچی ئەوان بوومە، ئیقامە منی نەگرتەوەو ناچار پاش هەوڵ و تەقەللای چەند مانگ، لەڕێگەی سەفارەتی عێراقی لەئیتاڵیاوە توانیم پەیوەندی بەماڵەوە بکەم بۆ بەدەستهێنانەوەی جنسییەو شوناسە عێراقییەکەم وبەو حاڵە ئیقامەم وەرگرت "

شەوکەت ماوەی پینج ساڵ لەئیتالیا مایەوە. ژیان بۆئەو تاماوەیەکی زۆریش، شەڕکردن بوو لەگەڵ تارماییەکانی کارەساتی دەریا. وەبیرهێنانەوەی خەونە جۆراوجۆرەکانی برادەرەکانی بوو، کەلەڕێگا هەریەکەو بەجۆرێك باسی لێوە دەکرد. هەربۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەعەزابی چارەنووسی خۆی ڕزگاری ببێت.. ئەو چارەنووسەی کەڕۆژانێکیش لەشارەکەی خۆیدا بێئاگایانە شینی بۆ دەکرد. شەوکەت چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسکی دووبارەبوونەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵە ، کەناچار بوو جارێکی تر بەگێڕانەوەی خۆی بداتەوە دەست ئازارەکانی ..